

# کورتەیەک لە مێژووی هۆزی شێخان

نوسینی:-

کیفی عبدالله شێخانی

ساڵی / ٢٠٠٢


# کورتەیەك لە مێژووی هۆزی شێخان

نوسینی / کیفی عبدالله شێخانی

ساڵی / ٢٠٠٢

کۆمپیوتەری / خۆشناو – سلێمانی

پیت چنین / دیاری حسن – ناسۆ عثمان



پێشکەشە بە

شەهیدانی هۆزی شێخان و سەرجەم

شەهیدانی ڕێگای ڕزگای گەلەکەمان .

کیفی عبدالله شێخانی

## پێشەکی :-

هۆزی شێخان ئەگەر گەورەترین هۆزی کوردستانی باشوور نەبێ ئەوا بێ گومان لە هۆزە هەرە گەورەکانێتی ئەگەر چی هیچ سەر چاوەیەکی ئەوتۆمان لە ژێر دەستانی یە کە دان بە مەدابنێ شێخان لە ئێزیدیەکانن بەڵام ئەوەی شێخان بێ بەزاری خۆی دان بەمەدادەنێ کە ئەوان لە بنەڕەتدا ئێزیدی بووینە و سەر بە مێرگەی شێخان و ئێزیدیەکان بووینە، لە هەمان کاتیشدا ئەوەی ئێزیدیە هەمان ڕاستی دەڵێتەوە کە هۆزی شێخانی موسڵمان لەوان جیابووینەوە و خوێنیان هەریەکەو بەڵام دینیان گۆڕاوە جا ئەگەر ئەمە حاڵی هەردوو لابێ نەبەڵگەی پێ دەوێ و نەسەرچاوە، دان پیانانی مرۆڤ بەئەصڵی خۆی ئەمە ڕاسترین ڕاستی یە وە ئەمەش لە خۆیەوە نەهاتووە دیارە شێخانەکان و ئێزیدیەکان ئەم ڕاستیەیان لە باووباپیرانی خۆیان بیستووە پشتاو پشت گواستوویانەتەوە بۆرۆڵەکانی ئێستا.

کەواتە هۆزی شێخان لە هەرە ڕۆژئاوای کوردستانی باشوور درێژدەبێتەوە(سنجار)یان ژەنگار بەرەو کەلەك وهەولێر و دەشتەکانی پیرمام و چەند گوندێکی تری ڕەواندوز و شاری کۆیە گوندەکانی گەرمیان واتا ڕۆژهەلاتی کوردستانی باشوور.

بەلام لە بەرچی تا ئێستا هۆزی شێخان ناوو ناوەرۆکی کەم لە ئارا دابووە؟ لە بەر ئەوە بووە کە هۆزەکانی تر ئاغا یان سەرۆك هۆزیان بۆ خۆیان داناوە ئەمانەش لە ناو کۆمەلگای کوردەواری ناویان هەبووە ناوەکەی خۆشیان بە هۆزەکەیان هەلداوە، بەلام هەرچی هۆزی شێخانە کەمتر شوێنی ئاغاکانیان و سەرەك هۆزەکانیان کەوتوون بەلکو هەریەك لە مانە خۆیان بە کوێخای مالْ خۆیان داناوە و گەلی کوردیان بەهۆزی گەورەی خۆیان داناوە بەرێژەیەکی زیاتر لە ڕێژەی گشت هۆزەکانی تری کوردستان بەشداریان لە شۆڕشە(١٩٦١ – ١٩٧٥)ی گەلی کورد کردوە و بەهەمان ڕێژەش بگرە زیاتریش بەشداریان لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان شۆڕشی

بەشداریان لە شۆڕشی نوێ گەلەکەمان بەرابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە دوور ناکەوینەوە لە ڕاستی ئەگەر بڵێین هیچ داستانێکی ئەم کوردستانە بەبێ خوێنی هۆزی شێخان تۆمار نەکراوە.

لەوانەشە هەبێ بڵێ بۆچی ئێستا هۆزی شێخان کەوتونەتە خۆ سەرقاڵی هۆزایەتینە؟ دیارە هۆزەکانی دەوروبەر هەموو بەسەر ئەم ڕێگایەدا تێپەڕیون و کۆمەکی کۆمەڵایەتیان لە نێوان خۆیاندا کردووە و ئیستاش کردەوەکانیان زیان بەخش نەبووە دیارە هۆزی شێخانیش لە گەڵ عامێ دەچێتە شامێ هۆزایەتی بۆ کۆمەکی یەکتر لەرووی کۆمەڵایەتییەوە یارمەتی دانی لێقەوماوان و دەستی یارمەتی درێژکردن بۆ ڕۆڵە هەژارەکانی بۆ بەدوا داچوونی زانستی شتێکی ڕەوایە بەڵام لەهەمووی ڕەواتر ئەمەیە کە هۆز شانازی بەکوردایەتی وە بکات تاسەر فراز دەبێ لەدوایشدا شانازی بەخزمەتکردنی مرۆڤیەتی بەگشتی بکات.

# هۆزی شێخان

لەڕوانگەی هەستی نەتەوایەتیداو بەشداری کردنی لەشۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستان

هۆزی شێخان لەڕوانگەی ڕەسەنایەتی و نەتەوایەتیدا بیرو بۆچوون و تایبەت مەندیەکی خۆی هەیە چونکە خۆی بەخاوەنی کەلتورو کەلەپوری ڕەسەن دەزانێ . هۆزی ڕەسەنن لەسەر ڕێبازی خۆیان و بڕوای تەواویان بەچارەنووس و داهاتووی کورد هەیە هەر بۆیە ڕووداوو کارەساتە گەورەکانی کەبەسەر گەلی کوردا هاتووە زیاتر لەسنوری جوگرافی ئەم هۆزە ڕوویداوەو نەخشەی جوگرافی هۆزەکەیان گۆڕیوە و ئاڵۆزیان کردووە و کردوویانە بەگرێ کوێرە کە ئاواتی دوژمنانی گەلی کورد بووە ، و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی .

کەدوژمنانی گەلی کورد لەگەورەیی و ئازایەتی و ڕەسەنایەتی و زیرەکی ئەم هۆزە دەترسان وایان داناوە کەسوود لەم دوژمن کاریە دەبینن بەڵام

مێژوو راستی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە ، راستیش ناشاردرێتەوە چەندی ئاڵۆزبێت . هەموو هۆزێکیش ڕەسەنایەتی خۆی هەیەو هەر دەی دۆزێتەوە . هۆزی شێخان لەهەموو هۆزەکان زیاتر تووشی ئەم گێژاوو گەردەلوولە هاتوە و هەر بۆیەشە مێژووی ئەم هۆزە هەرلە ( عەلی بەگی داسنی ) وە بگرە دەیان و سەدان داستانی گەورەیان لەمێژوودا تۆمار کردووە ، ئەگەر ئێستا سەیری هەر ئەندامێك لەناو هۆزی شێخان بکەین کەخاوەن هەڵوێستی تایبەتی و بیری تایبەتی خۆی هەیە هەربۆیەش هەریەکێك لەم هۆزە زیاتر لەئەندامانی هۆزەگانی تر تووشی کێشەو ململانێ هاتووە . ئەندامانی خەڵکی ئەم هۆزە بەڕێژەیەگی زۆر حەز بەچەوسانەوەی هیچ مرۆڤێك ناکەن ، ڕێگاش نادەن هەرگیز زوڵم و غەدریان لێ بکرێت ، ئەگەر زوڵمیشیان لێکرابێت لەیادیان نەکردووە لەئەرشیفی مێژووی هۆز تۆماریان کردووە ئەندامانی هۆزیشێخان زۆر دڵ فراوان و ڕووخۆشن زۆر حەز دەکەن

خزمەتی دۆست و ناسیاوو ئەندامانی هۆزەکانی تریش بکەن لەکاتی لێقەومان و هەر ڕووداوێك بێت ، خەڵك لەدیوە خانیان دابنیشێت و نان بدەنە خەڵك ، زۆریش هەست بە ئێش و ئازاری خەڵك دەکەن . روو خۆش و قسە خۆش و داوێن پاك و ڕاست گۆو دڵ سافن ئەم هۆزە لەسەر دڵ سافی زۆر جار زەرەریان کردووە ، نهێنی دڵی خۆیان باس دەکەن ڕاستیەکان، ئەم هۆزە حەز بەیەکسانی و برایەتی و تەیایی دەکەن چونکە هۆزێکی ڕۆشنبیرو هۆشیارن لەگەڵ بزووتنەوەی رۆشنبیریەکان هۆزێکی کاریگەر بوونە ، بۆیەش بڕوای کۆنە پەرستی لەدڵ و دەروونیان بەهیچ شێوەیەك دانیـیە ، بەلاّم حەز دەکەن براگەورەیەکی خەم خۆریان هەبێت ، کە لە بەرژەوەندی هۆزەکەوە یەکگرتنی هۆزەکە خزمەت بکات هەستێکی شۆڕش گێڕانەی بەرزیشی هەبێت ، ئاگاداری هەموو کێشەو گیرو گرفتەکانیان بێت لێیان بکۆڵێتەوە ، چونکەهۆزی شێخان بێ

ئەوەی بڕوای بەئاغایەتی بێت ، سەرجەم ئەندامانی هۆزی شێخان گەورایەتی و بچوکیان تیایە بچووك ڕێز لەگەورە دەگرێت ، گەورەش بەچاوێکی خۆشەویستی سەیری بچووکەکان دەکات هیچ کەس لەم هۆزە بەناوی خۆی بانگی یەکتر ناکەن بەڵکو، بە ( کاك یان مام یان خاڵ ) بانگی یەکتر دەکەن، ئەمەش پشتاوپشت بۆیان بەجێماوە بۆخەڵکی ئەم هۆزە، زۆر هەست بەتەبایی برایەتی و یەکتر دەکەن بەدەگمەن دوژمن کاری لەناو ئەم هۆزە خۆبەخۆیی ڕوویداوە، زۆر ڕێز لەهۆزەکانی دەوروپشتیان دەگرن و پەیوەندی فراوانیشیان لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەری خۆیان هەیە ، پەیوەندیەکەشیان لەڕێگای(ژن بە ژن ) و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوایەتی و بیری شۆڕش گێری ڕووخۆشیان و قسەخۆشیان وایان کردووە هۆزەکانی تر زۆر ڕێزیان لێبگرن وەتێکەڵ بوونی هۆزی شێخان لەگەڵ سەرجەم هۆزو تیرەکانی تری کوردەواری شتێکی بەرچاوەبە حوکمیسنوری

جوگرافیای وەتێکەڵ بوونیان لەڕێگەی ژنوژن خوازیەوە و لەبەر گەلآ هۆی تر .
لەگەڵ هیچ هۆزێکیش کێشەو ناخۆشیان نییە هەر بۆیەش مێژووی هۆزی شێخان و ئێزیدیەکان ئەگەر ووردبوونەوەو تێروانینێکی ژیرانەی لێبکرێت. مێژوویەکی یەکجار گەورەو پیرۆزو پرشنگداریان هەیە تۆمار کردنی ئەم مێژووەش هەمووی لەپێناو گەل و نەتەوەکەیان بووە لەسەر دڵسۆزی بۆ خاك و مانەوەی کەلتورو کەلەپووری ڕەسەنایەتی کوردی بووە هۆزی شێخان نەك وەك هۆزێك بیری لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکەی کردبێتەوە بەڵکو لەبەر دڵسۆزی ئەم هۆزە وەك خاوەنی مەسەلەکە خۆیان داناوە هەربۆیەش دووژمنانی گەلی کورد هەر لەدێرزەمانەوە بەبیانووی دین یاخود سنوریاخود هەرکێشەیەکی تر بێت سەدان پەلپوو بیانوویان بۆناونەوە کارەساتی گەورەیان بەسەر هێناون هەروەك کارەساتە گەورەکەی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم کەمیر محمەدی پاشای

ڕەوانـــدز هێرشـــێکی بـــەربلاوی کـــردە ســـەربرا شێخانەکان زیاتر لـە (١٠,٠٠٠) دەهــەزار کەسـی بـێ سـەروو شوێن کـردن و مێـژووش ئـەم ڕاستیەی پـی ناشاردرێتەوە بۆیـە هــەر لـەو پێنـاوەدا پـاش ئـەم هەموو کارەساتە گەورانـە هۆزی شێخان بـۆ ڕۆژێك نکۆڵیان لەشۆڕش کـردن و خـەبات کـردن نـەکردووە لەپێناو گەلو نیشتیمانەکەیاندا مێژووش هـەرگیز نکۆڵی لەم ڕاستیانە ناکات و ئەگەر ئیمڕۆش باسی لێـەکات لـەڕۆژگارێکی نزیکدا باسی دەکات چونکە مێژوو ئەم زانستەیە کەباس لەپەیوەندی گۆڕانکـاری مرۆڤ بەپێی قۆناغە مێژوویـەکان ڕوون دەکاتـەوە ، لەڕووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری تۆمارکراو ڕووداوو بەســـەرهاتی مێـــژووی هۆزیشـــێخان و ئێزیدیـەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ چـەند سـەدەیەك واتـا بەرلـەوەی کـەباسمان لێـوە کـرد ئـەوەش بـۆ ئـەو سەردەمە دەگەڕێتەوە پاش ئەوەی (سوڵتان سـەلیم ) و لایـەنگرانی سـەفەویەکان لـە (ئـەندۆڵ )دا لـەناو برد بەلەشکرێکی گەورەوە بەرەو خۆرهەڵاتی تلللای

ئازەربێجان کەوتە رێ ساڵی (١٥١٤ ) شەرێکی گەورە لە دۆڵی ( چالدیران ) روویدا کەدەکەوێتە نێوان شاری ( تەورێز ورمێ ) وە ئەنجامەکەی بەشکستی سوپای سەفەویەکان و داگیر کردنی تەورێز کۆتایی هات کوردستانیش بەشی ( جەزیرە )و باشووری داگیرکراو دوابەدوای ئەوەش پاش شەڕی ( مەرج دابق ) لەساڵی ( ١٥١٦)ی زایینی کە عوسمانیەکان تیایدا مەمالیکەکانیان شکاند بەشی خۆرئاوای کوردستانیش داگیرکرا هەرلەم مێژووەدا برا ئێزیدیەکان و هۆزی شێخان تووشی گەورەترین ململانێ هاتوون ئەمەش بووە هۆی دابەش بوون و لێك جیابوونەوە چونکە عوسمانیەکان پاش سەرکەوتنیان لەشەڕی ( چالدێران و مەرج دابق ) بەناوی غەزاوئیسلامیەوە بەدەستی نۆکەران و بەکرێ گیراوان کەوتنە گیانی ئێزیدیەکان وشێخانەکان لەسەر سنوری ( تورکیا ، ئیران ، عێراق سوریا ) هەر لەم سەردەمەدا ئێزدی و شێخان تووشی رووبەڕووبوونەوە هاتوون لەگەڵ

عوسمانیەکان و بەکرێ گیراوەکانی عوسمانیەکان بەهەموو شێوەیەك هەوڵی لەناوبردنی ئێزیدی و شێخانیەکان دا توانیان ئەم هۆزە بلاوە پێ بکەن لەسەر سنورەوە بۆسەرجەم ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دابەش بکەن بەسەر هەرسێ دەوڵەتی داگیرکەر بەلاّم ئەم هۆزەبۆساتێك لەشۆڕش کردن نەوەستان ئەم دابەش کردنەش وای کرد هۆزی شێخان سنورێکی دیاریکراوی جوگرافی بەربلاّوی نەبێت سنوری جوگرافی هۆزی شێخانیان ئالۆز کردووە کاتێك کەدەڵێین سنوری جوگرافی دیارێکراوی نیە نیازمان لەمە ئەمەیە کەسەرجەم هۆزی شێخان لە شوێنێك کۆنەبۆتەوە بەڵکو لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان دابەش کراوە هەرچەندە لەچەند شوێنێك ئەم هۆزە سنورێکی دیاریکراویان هەیە، ئەم سنورە بەقەد زۆری ئەم هۆزە نابێت ئەگەر وورد سەیری دابەش بوونی هۆزی شێخان بکەین دابەش بوونێکی سەرسورێنەی هەیە هەر لە سنجار تاخانەقین دابەش بووە هیچ

شارو شارۆچکەو ئۆردوگاوناوچەیەك نیە لەهەرێمی کوردستانی عێراق کە ئەندامی هۆزی شێخانی تیانەبێت وەلەهەندێك ناوچەش بەرێژەیەکی چڕ خەڵکی تیایە وەك ناوچەی گەرمیان و کەلارو کفری و کۆیە دەشتی هەولێر و کەندیناوە ، سێبیران ، قەراج، شەمامك ، ناوچەی سۆران ، پیرمام و سەری ڕەش، ناوچەی خۆشناوەتی وەك هیران ، کەرکووك شوان و شێخ بزێنی و سالەیی و خاڵخالآن کەئەمانەش بەرێژەیەکی زۆر شێخانی تیایە شاری چەمچەماڵ و دەورووبەرەکەشی ناوچەی ئاکرێ و دەورووبەرەکەی جگە لەهەرسێ دەوڵەتی سەر سنور وەك ئێران لە سنەو مەهاباد تورکیا لە عفریت و ئاماد، سوریا لە قامشلی هەر یەك لەم دەوڵەتانەی کە باسمان کردوون لە کاتی دابەش کردنی هۆزی شێخان و ئێزدیەکان شێخانی بە ڕێژەیەکی زۆر تیاکەوتووە لە یەریڤان و ئازربێجان و یەکێتی سۆفیەتی پێشوو ولوبنان ڕێژەیەکی زۆری ئێزیدی وشێخانی بن داسنی، تیایە ئەمە جگە لەوەی کە ڕێژەی

ئێزیدیەکان لە (٢,٣٪)کۆی گشتی دانیشتوانی هەرێمیش پێك دەهێنن ئێزیدیەکانیش لەگەڵ شێخانەکان براو هاو خوێنین واتە شێخانەکان چەند سەدەیەکە لەئێزیدیەکان جیابوونەوە لەسنجارو شێخان و باعەدرێ بەرەو وولاتی کۆیە هاتوون، لەکۆیەشەوە دابەش بووە بۆ دەشتی هەولێر و کەرکووك و خۆشناوەتی و گەرمیان و کەلارو کفری و شارەزوور و شوان و شێخ بزێنی و سالەیی و باڵەکایەتی وسۆران بڵاو بوونەتەوە هۆزی شێخان لە ڕوانگەی هەستی نەتەوایەتی و بەشداریکردنی لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکان و قوربانی و خۆبەخت کردندا لەپێناو ڕزگار کردنی گەل و نەتەوەکەی حەقیخۆیانە کەنەوەکانیان شانازی پێوە بکەن وگەلەکەشیان مربەرز بێت بەم هۆزە کوردپەروەر و شۆڕشگێڕە وە بە شداریکردنی لە کۆماری مهاباد و شۆڕشی ئاراراتی تورکیا وەدەرسیم، وەبەشداریکردنی لە شۆڕشەکانی بارزانی هەر لە سەرەتاوە ناوچەکانی شێخان و سنجار و سمێلێ و باعدرێ هەڵوێست

کوردانـەی چەسـپیویان هـەبووە لەبڵاوکردنـەوەی گۆڤـارە کوردیـەکان لەدەوڵەتـەکانی ئـەورووپاش خـەڵکی ڕۆشـنبیری هـۆزی شـێخان و ئـێزیدی تیایـە بەشداریکردنی هۆزی شێخان لەهەموو ڕاپەڕینەکانی کوردسـتانی خـواروو وەبەشـداریکردنی تـەواویش لەشۆڕشـەکان وەك شۆڕشـی ئـەیلولی مـەزن کەگـەورەترین تەقینـەوەی شـۆڕش بـوو سـەرتاپای کوردسـتانی گرتـەوە بەگشـت چـین و توێـژو هۆزەکانـەوە هـۆزی شـێخان لەیەکـەم بڵێسـەی ئـەم شۆڕشـی مەزنـە بەشـداری بـی وێنـەی تیـا کـرد لەسەرانسـەری کوردسـتان بـارزانی و سـەرکردایەتی پـارتی دیموکراتـی کوردسـتان گرنگـی تایبـەتی بـەم هۆزە داوە چەند بنکەو بارەگـای بـۆ دانـاوە لەشـوێنە جیاجیاکانی کوردستان وە کۆبونـەوەی بـەر فراوانـی لەگـەڵ ئـەنجام داون لـەنزیك شـاری کۆیـە لەگـەڵ نوێنەری هۆزی شێخان لەسەرجەم ئەو گوندانەی کە شـێخانی تیایـە لـەو کۆبوونـەوەی ناوچـەی کۆیـە (کێخوا وەسمانی ئیلنجاغی) بە برا گەورەی ناوچەی

(كۆیه)و دەووروبەری هەولێر دانرا وەك نوێنەری هۆزی شێخان لەساڵی (١٩٦٢ )ی زاینی كەیەكێك بوو لەپیاوە ناودارەكانی هۆزی شێخان هەرئەمەش بوو وای كرد هۆزی شێخان بەرێژەیەكی یەكجار مەزنەوە بەشداری ئەم شۆڕشە بكەن یەكەم شەهیدیش كەپێشكەش بەهۆزو گەلەكەیان كرد لەلوولەی دەبابە خسترا شەهید ( حەمە شەریف ئیلنجاغی ) بوون وەرێ پیشاندەرو چاوساغی هێزی پێشمەرگەی كوردستان لەسەرەتای دروست بوونی هێزی پێشمەرگەی كوردستان و هاتنە خوارەوەیان بۆناوچەی كۆیەو هەولێر خەڵكی گوندی ئیلنجاغی شێخانیان بووینە هەر بۆیەش هۆزی شێخان لەشۆڕشی ئەیلولی مەزندا بەشداری سەدان داستان و لەم پێناوەشدا سەدان شەهیدیان كردە كۆچی قوربانی ئەم ڕێگایە پیرۆزە لەشۆڕشی نوێی گەلەكەماندا بەرابەرایەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان .

کەئەم شۆڕشە مەزنە هەل قولاوی چینی هەژاران و جوتیاران و کرێکاران بوو و داهێنانی بیری نوێ و بیری ئازاد بوو، هۆزی شێخان یەکێ بوو لەو هۆزانەی کەبڕوای تەواوی بەم بیرو بەرنامەیە هەبووە چونکە لەچینی هەژاران و ڕەنجدەران و کرێکاران پێك هاتووە ، بۆیە هەر لەسەرەتای دروست بوونی یەكێتی نیشتمانی کوردستان و دروست بوونی مەفرەزە سەرەتاییەکان تاسەردەمی پارتی زانەکان ڕاپەڕینی (١٩٩١)ی خەلکی کوردستان، بەشداری بی شومارو تۆمارکردنی داستانی پر لەسەروەریان ئەنجام داوە هەربۆیەش بەسەدان شەهیدی مەزنیان کردە قۆچی قوربانی ئەم ڕێگایە پیرۆزە هەر لەگوندێکی وەك( ئیلنجاغی شێخانیان )زیاتر لە (٥٠) شەهیدی بەخشیوە بەگەل و نەتەوەکەیان بەشی هەرە زۆری دووبراو سێ براو ئامۆزا بووینە وەك شەهیدی فەرماندە ( بکر سلێمان فتح الله (بکر ) رشاش ) هەرسێ براکەی بانی مارانی قادر، تاریق ، رفیق وە لە شاری کەرکوك رۆڵەی وەك

(حاجی هەڵمەت )ی کردە قوربانی کەفەرماندەو لێپرسراوی شانە چەکدارەکانی بروسك بوو لەکاتی رامالینی دوژمن لەشاری کەرکوك لەراپەرینی ساڵی (١٩٩١)لەخاڵخالاّن و شوان و شێخ بزێنی و ساڵەیی و فەرماندەی وەك شەهید ( حمید بچکۆل ) ئۆمەرمەندانی و دەیان شەهیدی تریان کردە قوربانی وگەل و نیشتمانەکەیان لەناوچەی گەرمیان و شارەزوور و کەلار و کفری و هەزاران ئەنفال و سەدان شەهیدی سەرکردە وەك ( سید جەوهەر )و (سید بابۆ ) گیانی خۆیان تیادا بەخت کرد لەناوچەی خۆشناوەتی لانەی شۆرشگێران و دەیان شەهیدیان کردە قوربانی گەلەکەیان شەهیدی فەرماندە وەك ( احمد هیرانی )و لەناوچەی باڵەکایەتی و سۆران و شەقلاوەو دەیان شەهیدی مەزنیان بەخشیە گەلەکەیان شەهیدی فەرماندە وەك ( عەلی مەسیفی ) خوێنی خۆیان لەگەڵ خاکی کوردستان تێکەڵ کرد لەپێناو ئاواتی پیرۆزی کوردستان . لەشاری چەمچەماڵیش شەهیدی فەرماندەی وەك

(ڕزگارچەمچەمالی ) بووە قوربانی گەلە چەوساوەکەی، لەدەشتی هەولێری کاکی بەکاکی و لانەی هۆزی شێخانیان بەدەیان و سەدان شەهیدیان کردە خەلات بۆ ڕزگاری خاك و وولات هیچ گوندێك لەدەشتی هەولێر نیە کەڕۆلەیەکی تیا شەهید نەکرابێت هیچ شاخ و گردوو پێدەشتێ نیە کەبەشداری داستانیان تیا نەکردبێ وە شەهیدیان تیا نەبەخشی بێ ، ئەمەش ناوی هەندێك لەو فەرماندەو پێشمەرگەئازایە شەهید بووانەیە کەلەسەرەتای هەلگیرسانی شۆڕش و سالی هەشتاکان خۆیان لەپێناو گەلەکەیان بەخت کرد شەهیدی فەرماندە ( مجیدە سوری هەولێری ) فەقێ گۆمەشینی و قاسم کرێکاری نێرەگینی و فەتاح صالح گەرموکی و وەلید و سابیر ئاو مالی و شەهیدانی ئیلنجاغ ( شەریف، جەوهەر فیصل وشیار ، ئەنوەر ڕەحمان ، مام وسو، ادریس ، زاهیر ، شێرکۆ ، جەلیل ، صلاح ، کازم ، احمد محمەد ، عبدالوهاب ، حکیم جهاز ، مناف ، عوزێر. أنور ، محسین ، بەختیار ) شەهیدانی هۆزی(شێخان )

مێژوویـــەکی تایبـــەتی دەوێـــت و هـــەر لەگـــەرمیان ( کەلارو کفری و شارەزوور ) سەدان ئـەنفال و سـەدان شەهیدی هەیە، لەسنوری دەشتی هەولێرو سالەیی و کـەرکووك و خۆشـناوەتی و سـۆران بـــەژمارە نایـــەن بەدەگمـــەن هەیـــە لەبنەماڵەیـــەك شـــەهیدێك یـــان ئەنفالێکی نەبێت هۆزی ( شـێخان ) درێغی نـەکردووە لەشۆرش و راپەرپندا تا رزگار کردنی تەواوەتی شەهید بوونیش شەرەفێکی گەورەیە بەر هەرکەسێك بکەوێت دەبێـت بیسـەلمێنێت کەئـەم هـۆزە خـاوەن کـەلتورو کەلـــەپوور و ڕەســـەنایەتی کوردیـــە هۆزێکـــی کـــورد پەروەرو شەهید بوونیش لایان کـارێکی پـیرۆزەو بۆیـە لەناو مەفرەزە پارتی زانەکانی دوای ئەنفال لەسنوری پارێزگـای هـەولێر چـەندین پێشـمەرگەو فـــەرماندە سەربە هۆزی شێخان بوو و خەڵکی ( ئیلنجاغ ) بوون و بـــە سەرپەرشـــتی هـــەڤاڵ ( جـــەلال ئیلنجـــاغی ) لـــــەکۆتاییدا ئـــــەوەی ئێمــــــە لەســــــەرچاوەکان و بەسالاچووەکانی هۆزەکەمان و چەند ناودارێکی تـر لـە هۆزکانی تر کەبیستوومانە بـەگوێرەی دابـەش بوونـی

دیموگرافی و جوگرافی هۆزەکەمان وەنزیکی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی هۆزەکەمان و خەڵکی دەورووبەری شاری کۆیە بۆچوونەکان وای دەسەلێنن کەبەردی بناغەی کۆیە لەسەردەستی شێخانەکان دامەزراوە بۆیەش ئەوەی بەرەچەڵەك (کۆیی)بێت لەشێخانەکانە وەك بنەماڵەی هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان ( تاهیر تۆفیق شێخانی و حاجی عبدالله شێخانی و شێخەکانی مام مەحمودەی کۆیە ) لەکۆیە و جگە لەوبنەماڵانەی کە ( ئیلنجاغ )ینەو لەکۆیە نیشتەجێنەو جگە لەگوندە شێخانەکان کە ئێستا بەشێکی زۆریان لەکۆیە دادەنیشن ، هەروەها لایەنی ئەتنۆگرافی و هەموو وای بۆدەچن کەهاتنی شێخانەکان لەئیزیدیەخانەوە بۆ وولاتی (کۆیە )بەر لەوەی (کۆیە ) ئاوەدان بێت ئاوەدانیان کردەوە کەبەم شێوەیە هاتوون ( ئیزیدخان واتا گەلی داسنی ـ بەرانەتی هەولێر ئینجا کۆیە ) بەم شێوەیە شاری کۆیەیان دروست کردووە ، واتا هۆزی شێخان

لەسەرتا هەمووی لە قەزای ( کۆیە ) گیر ساونەتەوە ئینجا بەرەو پارێزگای هەولێر بەم شێوەیە دابەش بووە ( بەڕانەتی ، سێبیران ، کەندیناوە ، ناوی شاری هەولێر ) جگە لەهەندێك شوێنی تر بەرەو شاری ( کەرکووك و شوان و ساڵەیی و شێخ بزێنی گوندی ئۆمەرمەندان و چەمچەماڵ و خاڵخاڵان ) هەروەها (ناوچەی گەرمیان ) کەلارو کفری شێخانیەکانی پارێزگای سۆران قەزای ڕەواندووز لە گەلێك شوێن و ناوچە هەبووە کەخەڵکی شێخانی تێدا نیشتە جێ بووە وبەڵام لەبەر زۆری ڕووداوو کارەساتی مێژوویی، لە گەڵ شێخەکانی وڵاتی کۆیە دابڕاون لەقەزای شەقلاوە ناحیەی پیرمام بەم شێوەیە دابەش بوونە ناوی هەندێك لەگوندەکانی هۆزی شێخان کەئاوەدانیان کردوون و تێیدا نیشتە جێبوون و لەمانە

( گەلیاوە ، شێخان ، سیناوە ، خورخاوە ، ساوەگۆڕ ، داوداوە ، زیارەت ، ئاژگە ، زەرگۆز ، شێخ مەموودیان ، دیون ، صلاح الدین ) گۆڕستانی بارزان ، بابەگیسك ،کەوری ، بەرزیوە ، ئاکۆیان ، کەرەك .... هتد ) قەلاَتی خاتوخواز ئەم قەلاَتە تائێستا بەناوی سەرداری شێخانەکانی هەرماوە .

## چەند تێبینیەك :

هاتنە خواری شێخانەکان لە ئێزیدی خانەوە بۆ پارێزگای هەولێر گەلێ بیرو بۆچوون هەیە سەبارەت بەنیشتەجێ بوونیان لەسەرەتادا، ئەمەش هەندێك لەو بیروو بۆ چوونانەیە.

أ ـ هەندێك لە بۆچونەکان وای بۆدەچن کەسەرەتای نیشتە جی بوونیان لەناوچەی کەندێناوەوە ، بەحرکە، بەرانەتی چوار دەوری هەولێر نیشتە جێ بوون .

ب ـ هەندێکی تر وای بۆدەچن کەسەرەتای نیشتەجێ بوونیان لەناوچەی پیرمام وسۆران و سەری ڕەش نیشتە جی بووینە کەلە ڕاستیەوە نزیکە لەبەر زۆر

هۆ وەپەلیان هاویشتووە بەسەر ناوچەی کۆیە وە ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوای کۆیە ئینجا بلاَوو بووینەوە بۆ شوێنە جیاجیاکانی.

ت ـ هەندێکی تر وای بۆدەچن بەساڵاچووەکانی شێخانەکان ناوچەی کۆیە و هەولێر وە برا ئێزیدیەکانیش سەرەتای هاتنی شێخانەکان لەکۆیەو دەوروبەری نیشتە جێ بووینەو ناوەدانیان کردۆتەوە و وەبەردی بناغەی ئەم شارە شێخانەکان دایان مەزراندووە وەبۆ چوونەکانیش بەم شێوەیە . ئیزیدخانە + گەلی داسنیان + بەرانەتی + شوێنە جۆراو جۆرەکانی دەورووبەری هەولێر . وەك سێبیران + کەندیناوە + هەولێر + ئینجا لەکۆیە گیرساونەتەوەو دەسەلاَتیناوچەکە لەژێر دەسەلاَتی ئەم هۆزەدا بووە بەتەواوی هەتا دەسەلاَتیان لەسەر پارێزگای هەولێربەتەواوەتی هەبووە لەهۆزە گەورەکانی پارێزگای هەولێر بووینە و ئەمە لەسەردەمی میر علی بەگی گەورەی شێخانە داسنیەکان بەلاَم پاش ئەوەی تووشی چەند کارەساتی

گـەورە بـوون بـەناوی ئیسـلام و دینـوە هـەوڵی لەناوبردنیان دراوە بەفیتی دوژمنانی کوردەوە ئینجا پـەرت و بڵاوەیـان پێکـراوە بـۆ شـوێنە جیاجیاکـانی دەوروبـەری هـەولێر . سـەرجەم ناوچـە جۆربـە جۆرەکانی هەولێر ، شاری کەرکووك و دەوروبەرکەی . ناوچەی گـەرمیان و کـەلارو کفـری و شـارەزوورو ناوشـاری سلێمانی و وەبەشێکیان لەناوچەی سـۆران ماینـەوە لـە پیرمـام و سـەری ڕەش و ناوچـەی خۆشـناوەتی و هـەریر وەزیـاتر لـە بیسـت گونـد لەناوچەی سۆران نیشتە جێ بووینـە وەنمونـەش بـۆ نیشـتەجێ بـوون شـێخانەکان لەسـەرەتادا بۆکۆیـەو ئاوەدانکردنیـان بۆچـەند خـاڵێك دەگەڕێتـەوە.
١. شـێخانەبن داسـنیەکان کۆنـترین هـۆزن لەکوردسـتان گیرسـاونەتەوە بـەردەوام لەشـۆڕش کردن دابووینە لەپێناو ڕزگارکردنی نەتەوەکەیان و دوژمنـانی نەتـەوەی کـورد هـەر یەکـەم دابـەش بوونـی کوردسـتان هـەوڵی لـەناوبردنی ڕەگـەزی

کوردیـان داوه و ئـێزدی و داسـنیەکان بـەردەوام لەبـەرگری کـردن و شـۆڕش کـردن دابووینـــە و چـەندین کارەسـاتی گـەورەیان بەسـەر هێنـاون پـەرت و بڵاوەیان پێکـردوون ئـەوانیش بـەردەوام لەرەو و کۆچ کـردن دابووینـە وەزیـاتر لەشـوێنە شـاخاویەکان نیشـتـەجێ بووینـــە ئاوەدانیـــان کـــردووە وەشـــاری کۆیـــەش لەوشـــارانەیە کەناوچەیـەکی شـاخاوی هەیـە بۆیـە بۆبـەرگری کردن شوێنێکی لەبارە وەهەموو گوندەکانیش لەم شوێنانە نیشتەجێ بووینە .

٢. بنەماڵە کۆنـەکانی کۆیـە کەبەرەچەڵەك کۆیی‌نـە لەهۆزی شێخانن‌وەلەو گەڕەکانەش نیشتەجی بووینە کەبەردی بناغەی شارەکەیە .

٣. لایـــەنی ئـــەنتۆگرافی و جوگرافـــی هـــەڵوێتی شۆڕشـگێڕانەی شـــارەکە مێـــژووی هاتنـــە خـــواری هۆزەکە دیاری دەکات کەلەکۆیە گیرساونەتەوە .

٤. سـەرجەم بنەماڵەگـەورەکانی شـێخانان لەشـاری هەولێر و دەوروبەری بەرەچەڵەك خەڵکی ناوچەی

کۆیەن لەناوچەی هەولێر گیرساونەتەوە ئەگەر دەسەلاتێك نەبێت ئەمانە بەم شێوەیە نابوون خاوەن مولکو ماڵ وەچەندین بنەماڵەی شێخانی ئیلنجاغ لەکەرکووك ئاغجلەر . دوبس نیشتەجێ بووینە کەبنەماڵەی زۆر گەورەن ئەمەش لەوسەرووبەندەدانە ڕۆیشتوون شێخانەکان تووشی کێشەی گەورە هاتوون هەوڵی لەناوبردنیان دراوە .

٥. هەندێکی تروای بۆ دەچن کە شێخانەکان لەسەرەتادا لەناوچەی پیرمام و سەری ڕەش و سۆران گیرساونەتەوە و ئینجا پەرت و بلاوەیان کردووە بۆ شوێنە جیاجیاکانی تری کوردستان شاری کۆیە وەبەشێك لەگوندەکانیان ئاوەدان کردۆتەوە وەپەلیان هاویشتوە بۆناوچەکانی هەولێر و کەرکووك و گەرمیان وشوان و شێخ بزێنی وەهەندێك نیشانەی بۆنەمە هەیە وەك قەلاتی خاتووخواز ــ گەلی عەلیبەگ ــ گۆڕستانی کوران عەلی بەگ ، سەری ڕەش ــ گەلیاوە زۆربەی گوندەکانی ئەم ناوچەیە

کەزەوی و زاری شێخانەکاننن ، بەلاَم ئەوەی ئێمە تێی گەیشتووین ڕاو بۆ چوونەکان و بەسالاَچووەکان ـ میرانی ئێزیدی باسی دەکەن لەشاری کۆیە پەلیان هاویشتووە بۆئەم ناوچەیە و کەناوچەیەکی دەوڵەمەندەو بەپیت و بەرەکەت بووەو وەك شوێننێکی ستراتیجی بارەگاو بنکەیان لێ داناوە و بۆ پارێزگاری کردنی ناوچەکانی تر سەرەتای نیشتەجێیان لەشاری کۆیە بووە بەلاَم لەبەر زۆری و بەهێزی و زیرەکیان ناوچەکەیان ئاوەدانکردۆتەوە و ئەمانە لەسەرەتادا چەند براو ئامۆزایەك بوینە لەشاری کۆیە دابەشیان کردوون هەربرایەو بۆناوچەیەك شێخانەکان کەفەرمانڕەوای ناوچەی محمودیەی هەکاری لەژێر دەستیان دابووە ئەمەش لەسالاَنی (١٣٧٨ . ١٤٦٩) ی زاینی دابووە وەهەر لەم سەروبەندەدا بووە دەسەلاَتێکی بەرفراوانیان لەشاری هەولێرو دەوروبەریدا هەبووە شێخانەکان و داسنیەکان زۆر تیرەو هۆزیان لێ

بوویتەوە وەك(تیرەی پیرەسن و تیرەی پیرهەسن)

تاهیر بەگی ماموس

ئەمانەش شێخانی بنداسنین کەتیرەی زۆر گەورەن لەناوچەی سۆران و باڵەك و پیرمام بڵاوبوینەوە .

★★★★★&&&&&&&&&&★★★★★

## سەرچاوەو پەراوێزەکان :-


١) شێخان و شێخان بەگی / بەرگی یەکەم (١٩٧٨)هەولێر لە نوسینی سعدالله شێخانی ، خدری سلێمان .

٢) کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا / سیاحەتنامەی ئەولیای چەلەبی وەرگێرانی /سعید ناکام چاپخانەی کۆری زانیاری کورد بەغدا (١٩٧٩) .

٣) کوردەکان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی نوسینی / حەسەن ئەرفەع ، سەردار محمد/ لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

٤) کوردستان کێشەی سنوری عوسمانی فراس ، فەرمانڕەوایان قۆج زیرین لەسوڵتان سلێمان قانوونیەوە تا ئەتاتورك .

٥) مســـتەفا شـــێخ نیعمـــەتوولاّ / جوگرافیـــای کوردستانی عێراق گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ... بەغدا (١٩٤١) .

٦) کوردستانی نوێ ژمارە .... نوسینی ڕەهبەر سەید ابراهیم .

٧) چاوپێکەوتنی بەساڵاچوەکانی هۆزەکەمان و میری ئێزیدیەکان .